Kurdistan Nêt

English

# بانگەواز بۆ رای گشتیی لە مەر جینۆسایدی

# گەلی کوردستان

رژێمی عیراقی یەکێ لە رژێمە هەرە درندەکانی جیهانە و رەنگبێ تەنها رژێم بێ کە بە چەکی کیمیاوی هێرشی کردبێتە سەر هاولاتیانی خۆی وەکو ئەوەی لە ١٦ مارتی ١٩٨٨ دا لە شاری هەڵەبجەی کوردستانی عیراق روویدا و ئاکامەکەی ٥ هەزار قوربانی بوون لە ژن و منداڵ و پیری کورد و زیاتر لە ١٠ هەزار بریندار کە گەلێکیان لە ساڵانی دوای ئەو کارەساتە ژیانیان لە دەستداو کۆمەلێکیش تاوەکو ئەورۆ بە ئازارەکانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەوە ژیانی پڕ لە ئازار و مەینەتی بەسەر دەبەن . هەرچەندە هەواڵەکان لە بارەی هیرۆشیمای کوردانەوە لە جیهاندا بە شێوەیەکی بەربلاو زانراوە، مخابن تاوەکو ئێستا تاوانکاران و ئەنجامدەرانی ئەو ڕەشەکوژییە سزا نەدراون .

هەر لەو سەرو بەندەدا رژێمی بەعسی عیراقی بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن خەریکی ئەنجامدانی کردەوەیەکی تری رەشەکوژی بوو لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا کە بە هەموو پێوانەکان ، چ لە شێوازی نەخشە بۆکێشان و دەستنیشان کردنی ئەو گروپەی بەر شاڵاوەکان کەوتن و چی بەربلاوی کردەوەکەو ژمارەی قوربانیانی و زیانە مادی و مرۆڤانیەکانی، دەچێتە ریزی جینۆسایدەوە کە بە (ئەنفال) نێوی دەرکردووە .

ئەنفال کۆدێکی سەربازی عیراقی بوو بۆ زنجیرە شاڵاوێکی بەربلاو کە حکومەتی عیراق لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق ئەنجامی داوە. ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بریتی بوو لە ٨ شاڵاو کە لەشەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و تاوەکو ٦ ی ئەیلولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو. لە ئەنجامدانی ئەنفالدا سوپای عیراق بە تایبەتی فەیلەقەکانی یەك و پێنج لە کەرکوك و هەولێر و گاردی کۆماری و هێزە تایبەتییەکان و هێزەکانی ئاسایش و سوپای بە نێو میللی و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی و مەفرەزە تایبەتییەکان بە یارمەتی هێزی ئاسمانی عیراق چالاکانە بەشدارییان کردووە. شاڵاوەکان بە سەرپەرشتی راستەوخۆی ئامۆزاکەی سەدام حوسێن عەلی حەسەن ئەلمەجید بوو ، کە بە گوێرەی بریاری ١٦٠ لە ٢٩ مارتی ١٩٨٧دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش، کە بەرزترین ئۆرگانی دەسەلاتە لە عیراقدا و سەدام حوسێن سەرۆکایەتی دەکا، هەموو دەسەلاتەکانی سەرەك کۆماری عیراق و سەرکردایەتی حیزبی بەعسی لە کوردستان و هەموو باکوری عیراقدا پێدرابوو. هەموو دەزگا دەوڵەتی و سەربازی و ئەمنی و حیزبییەکان بە ئەلمەجیدەوە گرێدران و دەبوایە تەنها لەوەوە فەرمان وەربگرن و کرا بە فەرمانرەوای بێ سنووری کوردستان.

بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەلمەجید لە کوردستاندا لە ماوەی دوو ساڵی دەسەلاتی بێ سنووریدا، بریتی بوون لە کوشتن و بێ سەر و شوێنکردنی دەیان هەزار ژن و منداڵ و پەککەوتەو لاوی کورد، بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و ٤٠ شوێنی تری کوردستاندا، وێرانکردنی زیاتر لە دوو هەزار گوند و شارۆچکەی کوردستان و هەزاران قوتابخانەو مزگەوت و کەنیسە و کانی و بیری ئاو و ێستگەی کارەبا، تالانکردنی سەر و سامان و راگوێزانی دەیان هەزار گوندنشینی کورد و هەڵتەکاندنی بنخانی ئابووری کوردستانی عیراق .

رژێمی سەدام حوسێن شاڵاوەکانی ئەنفالی بە نهێنی نەدەکرد بەڵکو رۆژانە سەرکردایەتی گشتی هێزە سەربازییەکانی عیراق راگەیاندنی لە بارەیانەوە بلاو دەکردەوە کە هەمیشە بە ئایەتێکی سورەتی ئەنفال دەستی پێدەکرد. هەڵبەتە رژێم توانی بە پروپاگەندەی چەواشەکاری ئامانجە راستەقینەکانی ئەو شاڵاوانە لە بیر و رای گشتی عیراقی و جیهانی

بشارێتەوە. پشتگیری زلهێزەکانی جیهان لەو کاتە لە رژێمی سەدام حوسێن لە دژی رژێمی مەلاکانی ئێران وای لێ کردبوون چاو لە هەموو تاوانەکانی لە دژی گەلی کورد و هەموو گەلانی عیراق و ناوچەکە بپۆشن .

ئاکامەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال بە راستی ترسناک بوون و بریتی بوون لە کوشتنی دەیان هەزار مرۆڤ و وێرانکردنی هەزاران گوند و زیانێکی ئابووری مەزن و بێ سەر و شوێنکردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد کە تاوەکو ئێستاش حکومەتی عیراق هیچ زانیارییەکی لە بارەی چارەنووسیانەوە رانەگەیاندووە.

زۆر لە وردەکارییەکانی کردەوەکانی حکومەتی عیراق بە تایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد لەو ولاتە لەوانەش شاڵاوەکانی ئەنفال بە هۆی دەستگرتن بە سەر دەیان تۆن لە بەڵگە و دەکومێنتە رەسمییەکانی دەوڵەت لە کاتی راپەرینی ئازای ١٩٩١ دا ئاشکرا بوون و ١٤ تۆن لەو بەڵگانە لە ئەمریکا پارێزراون و تیشک دەخەنە سەر تاوانەکانی سەرانی رژێم لە دژی مرۆڤایەتی.

رێکخراوەی ( **Human Rights Watch** ) لێکۆڵینەوەیکی بەرفراوانی دەربارەی ئەنفال ئەنجام داو لە رێگەی ئەو بەڵگە و دەکومێنتانەوە و چاوپێکەوتن لە گەڵ هەندێ لەوانەی لە دۆزەخی ئەنفال رزگاریان بووبوو تیشکی خستۆتە سەر گەلێ لە لایەنە شاراوەکانی ئەنفال و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە کتێبی ( **Genocide In Iraq - The anfal Campaign Against the Kurds**) لە تەمموزی ١٩٩٣ لە ئەمریکا بلاوکردۆتەوە و ترسناکیی ئەم کردەوانەی رژێمی عیراقی خستۆتە بەردەم بیر و رای جیهانی.

ئەورۆ ١٤ ساڵ بە سەر ئەو رۆژانەدا کە دۆزەخی ئەنفال لە کوردستاندا ئەنجام دەدرا تێدەپەرێ و هێشتا چارەنووسی ١٨٢ هەزار ژن و مندال و پیاوی کورد نازانرێ و کەس و کار و خزم و دۆستانیان ژیانێکی پر لە نەهامەتی و دڵەراوکێ بە سەر دەبەن و تاوەکو لە بەسەرهات و چارەنووسی خۆشەویستانیان ئاگادار نەکرێنەوە و ئەنجامدەرانی ئەو دۆزەخە سزا نەدرێن ناتوانن دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەنەوە .

لە رێگەی ئەم بانگەوازەوە داوا دەکەین :

١. تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بە تاوانی جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی جیهانەوە بناسرێت.

٢. دامەزراندنی دادگای تاوانکارانی جەنگی عیراقی بۆ دادگاییکردنی بەرپرسان و ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جەنگ و جینۆساید و لە دژی مرۆڤایەتی لە عیراقدا .

٣. نەزار ئەلخەزرەجی یەکێکە لە تاوانبارانی ئەو کردەوانە کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراق بووە لە کاتی ئەنجامدانی ئەنفالدا و ئێستا لە دانیمارکە، بدرێ بە دادگا.

٤. کۆمپانییە ئەڵمانییەکان کە یارمەتی رژێمی عیراقیان کردووە بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی بدرێنە دادگا و ناچار بکرێن زیانە رۆحیی و مادییەکانی قوربانیانی هێرشی کیمیاوی عیراق و خزمەکانیان قەرەبوو بکەنەوە.

٥. راگەیاندنی پرسەی گشتی لە رۆژانی ١٦ / ٣ و٤/١٤ وەکو رۆژانی خەمگینی و یادکردنەوەی قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کوردستاندا، بکرێن بە رۆژی مانگرتنی گشتی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

پێکەوە بەرەو خۆپیشاندانەکەی ٢٠٠٢/٣/١٦لە کۆپنهاگن

پێکەوە بۆ بەردەم باڵەێزخانەکانی ئەلمانیا و دێنیمارك لە جیهان

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

٦ / ٢ / ٢٠٠٢